پەیمان غەریب
paimangarib@yahoo.com

سەرەتا پیرۆزبایی 8 ی مارس رۆژی جیهانی ژنان لە هەموو ژنان دەکەم بە تایبەت ئەو ژنانەی کە لە مونجی مالەوەن و بە دەست پیاوسالارییەوە گیرۆدە بوون.....

سەبارەت بە پرسیاری یەکەم

لە 8ی مارسی 1857 ژنانی کریکاری کارگەیەکی چنین‌ونەسیج لەشاری نیۆیۆرك لە وولاتی یەگرتووی ئەمریکا،نارەزایەتی‌و مانگرتنیان بە ڕێخست بۆ بە دەستهێنانی مافەکانیان بەلام پۆلیس هێرشی کردە سەر خۆپیشاندانەکەو بلاوەی پێکردن، دوای 2 ساڵ لە مانگی مارس هەر ئەو ژنانە نەقابەی کرێکارییان دروست کرد بۆ بە دەستهێنانی سەرەتاییەکانیان لەشوێنی کاردا.

لە8ی مارسی1908دا 15،000 ژن لە نیویۆرك ڕێپێوانیان بە ریخست‌وداوایکەمکردنەوەی سەعات کارو کرێی باشترو مافی دەنگدان دەکرد،لەم خۆپیشاندانەدا دروشمی{نان‌وگوڵ}یان بەرز کردەوە {نان}وەك دروشمی دابینکردنی ئابوری{گوڵ}وەك رەمزی ژیانێکی باشتر

لە کۆنفرانسی﴿ئەنتەرناسیۆنالی یەکەم﴾کە لەلایەن ڕێکخراوە سۆسیالستەکانەوەلە سالی 1910 لە پایتەختی دانیمارك بەسترا لەلایەن﴿کلارا زتکین﴾ ەوە پێشنیارکرا کە 8ی مارس بکرێت بە رۆژی نارەزایەتی کرێکارانی پارچەی چنین وە ئەم پێشنیارە لەلایەن ئامادە بووانەوە کە بریتی بوو لە 100 ژن لە وولاتی جۆراوجۆری جیهانەوە پەسەند کرا.

رۆژی 8ی مارس مانایەکی گرنگی هەیە کە تیایدا ژنان ڕوبەڕووی چەوسانەوەو زوڵمێك دەبنەوە کە بەرامبەریان دەکرێت وە بە یەك دەنگ نارەزایەتی خۆیان دەردەبڕن بە رامبەر بە دنیای نایەکسانی ئێستا.

بەشداری یەکەمجارت لەچالاکی‌یەکانی 8 مارس لەکوردستان وەیا لەدەرەوەی ولات کەی بوو ؟ چ بیرەوەری‌یەکتان هەیە کەباسکردنی بۆ خوینەران سود مەندە"

یەکەم جار کە لە8ی مارسی ساڵی 1999لە شاری سلیمانی کە هەموو ریکخراوەکانی ژنان کە ڕێپیوانێکیان ساز کرد کە تیایدا داوای بە ڕەسمیەت ناسینی ڕۆژی جیهانی ژنان‌و گۆڕینی قانونی ئەحوال شخسی بەرز کرایەوە.

ئەوەی کە لەو ڕێپێوانەدا دلخۆش کەربوو ئەوەبوو کەژمارەیەکی زۆر بەشداریان تیادا کرد کە بە ڕای من ئەمە بۆ خۆی پشتگیریەك بوو لە داخوازیەکانی ژنان. ئەگەر بەراوردێك بکەین لە نێوان ساڵەکانی پێشوو ئێستای کوردستان پاشەکشەیەکی زۆر هەیە لەسەر داخوازیەکانمان. ڕێکخراوی ئێمە زۆر سور بوو لەسەر گۆڕینی قانونی ئەحوال شخسی ئەمەیان پێ قبول نەکرا کاروفعالیەتیان قەدەغە کردین.

تایبەتمەندی‌یەکانی 8ی مارسەکان لەکوردستان و ولاتانی ئەوروپاو کەنەداو ئوسترالیا چون دەبینن؟ بەتایبەتی 8ی مارسی ئەمسال بۆ ژنانی کوردستان لەروانگەی ئیوەوە، دەبی چ تایبەتمەندی‌یەك لەخۆ بگری؟

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە چی تر لەسەرماف‌وداخوازیەکانمان یەك زەرە نەبورین. دەبێ ژنان هەموو بە یەك دەنگ برژێنە شەقامەکان‌و داخوازی﴿جیای دین لە دەولەت‌و دانانی قانونێك کە ژن‌وپیاو تیایدا یەکسان بن﴾بەرز بکەنەوەو جووڵانەوەیەکی نارەزایەتی بۆ بەڕێبخرێ.

وەك دواین پرسیار 8 مارس بزوتنەوەی داواکاری وئومیدەکانە ئیوە وەك کەسیك چ ئومید وداوایەکتان هەیە، ریگای بەدیهاتنی چۆن دەبینن؟

لە کۆتایدا داوا لەو ژنانە دەکەم کەلە چوار چێوەی مالەوە بێنە دەرەوەو خۆیان ڕێکبخەن داوای مافەکانیان بکەن بەدەستی خۆیان مافەکانیان بە دەست بهێنن. وە هیوادارم 8ی مارسی ئەمساڵ بەدیهاتنی هیواو ئاواتەکانی ژنان بێت

بژی 8ی مارس

بمرێ کۆنەپەرستی‌و پیاوسالاری

02-03-2005